

## گۆنا کەمال:

# بەهیچ شێوەیەک بڕیارم نەداوە واز لە وەرزش بـــ

شاری سلێمانی لە مێژووی وەرزشی خۆیدا، خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە لە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی، چەندین کچە یاریزانی بەتواناش لەم شارە دروست بووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم شارەش کچە یاریزانی تیپی ئەفرۆدێتی شارەکە یاریزان گۆنا کەمالی یاریزانی تیپی فوتساڵی یانەکەیە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی شاری سلێمانییە، ناوبراو چەندین یاریی جۆراوجۆری وەرزشی ئەنجامداوە لە ریزی یانەکانی سیروانی نوێ و نەورۆز و کەمال سەلیم و ئەزمەر، ئەمساڵیش لە یاریی فوتساڵ توانی ئاستێکی بەرز لە خولی نایابی کوردستان پێشکەش بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.

*چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی ئەفرۆدێت کرد؟

- من یاریزانی تیپی باسکەی یانەی سیروانی نوێ بوو لە هەمان کاتیشـــدا یاریی گۆڕەپان و مەیدانم ئەنجام دەدا، لە هەمان کاتیشـــدا لـــە مەلەوانگەی یانەکەش چاودێربـــووم ئێتر کۆمەڵێك کارەم لەخـــۆم کۆکردبووە نەمدەتوانی ئامادەیی مەشـــقەکان بـــم، بۆیە ئەمجارە یارییەکەی خۆم گۆڕی بۆ فوتســـاڵ و هاتمە ریزی یانەی ئەفرۆدێت.

* بەچ شێوەیەك لەگەڵ یانەکە پێك هاتووی؟

- هیچ گرێبەســـتێك لە نێوان من و یانەی ئەفرۆدێت نییە و تەنیا موچەیەکی مانگانەم پێ دەدەن منیش لە ریزی ئەم یانەیە درێژە بە وەرزشکردنی خۆم دەدەم.

* هەســـت ناکەی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە یارییەکانی فوتساڵ نادرێت؟

-- بەڵێ هەســـتی پێ دەکرێـــت ئەوەندەی گرنگی بە یارییەکانی تۆپی پێی کوڕان دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە کچان نەدراوە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووش لەلایەن یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان گرنگیی باش لە شارەکانی کوردستان بەم یارییە دراوە.

*بڕیاری ئەوەت نەداوە واز لە وەرزش کردن بهێنیت، کە ماوەیەکی زۆرە لە خزمەتی وەرزشیدایت ؟

- تا ئێستا بیرم لە واز هێنان نەکردۆتەوە، جارێ تەمەنم لە پێش ماوە بۆ خزمەت کردنی زیاتری وەرزشـــی لە کوردستان.

* هیچ گرێبەستێکت بۆ هاتووە لە لایەن یانەکانی تر؟

- بەڵێ گرێبەستم پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی تری کوردستان، بەڵام خۆم حەزم نەکردووە لە شاری سلێمانی دوور بکەومەوە.

* پێت باشـــە چـــی بکرێت بۆ ئەوەی ئاســـتی یاریی فوتساڵی کچانی بەرز بکرێتەوە؟

- پێویستە لەســـەر لایەنی پەیوەندیدار گرنگی زیاتر بە ئاستی یارییەکانی ئافرەتان بدرێت بە تایبەتی لە یاریی فوتساڵ یاریزانی باشتر بهێنرێتە پێشەوە بۆئەوەی خولەکە زیاتر بەهێز بێت، کردنەوەی خولی بەردەوام و پشـــتگیری کردنی بەردەوامیش.

* لە کوردستان چ یانەیەك بە ڕکابەریی یانەی ئەفرۆدیت دەزانی؟

- زێرەڤانـــی و ئافرەتانـــی هەولێر ئـــەم دوو یانەیە زۆر بەهێزن.

*کێشەو گرفتتان چییە وەکو یاریزانان؟

- نەبوونی یاریگای پێویســـت بۆ ئەنجامدانی مەشـــقە بەردەوامەکان و کەمیی کەل و پەلی پێویســـت و کەمیی موچـــەی یاریزانان ئەوانە ئێســـتا هەمووی بۆتە گرفت لەبەردەم گەشە کردنی ئاستی یاریزانان.



# هێنم

* کێشەت بۆ دروست نابێت بۆ وەرزش کردن لەلایەن هاوسەرەکەت و خانەوادەکەت؟

- سوپاس بۆخوای گەورە تاکو ئێستا هیچ کێشەکم بۆ دروست نەبووە، بگرە هاوسەرەکەم هاندەری یەکەممە و لێرەوە پێی دەڵێم نموونەت زۆر بێت سەربەزرم پێت .

* هیواو ئاواتت لەم یارییە چییە ؟

- بەهیوای ئەوەم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ببمە جێگای ستایشی وەرزشکاران و سەری خۆم و شارەکەم بەرز بکەمەوە.

* بەچ یاریزانێکی جیهانی زۆر سەرسامی؟

- بێکهامی یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا.

* جگە لەم وەرزشە چەند وەرزشی تریشت ئەنجام دەدەیت؟

- ئێستا جگە لە یاریی فوتساڵ هیچ یارییەکی تر ئەنجام نادەم، بەڵام بەگشتی هەموو یارییەکانم ئەنجامداوە.

*پێشتر یاریی گۆڕەپان ومەیدانت ئەنجامدا بۆچی یارییەکەت گۆڕا؟

- لەبەر ئەوەی هەستم دەکرد لە یاریی تۆپی پێی ئاستم بەرزترە، بۆیە پێم باش بوو لەم یارییە درێژە بەم وەرزشە بدەم.

دیماند: گارزان کانەبی



# ٧٨ نازناو بۆ رۆجــــــەر فیدرەر

ئەستێرەی بەناوبانگی یاری تێنسی سەر زەوی سویسری رۆجەر فیــدرەر نازناوی پاڵەوانییەتی دوبەی کراوەی بۆ جاری شەشەم لە مێژوویدا بەدەستهێنا، لەیاریی کۆتاییدا فیدرەر رووبەڕووی یاریزانی چیکی تۆماس برێدریچ بۆوە و توانی یارییەکە بباتەوە بەئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر بە کۆمەڵەیەك، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٣-٦، ٦-٤، ٦-٣) بوو، فیدرەر لەم پاڵەوانەتیەدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد بەتایبەتی لە قۆناغی پێش کۆتایی بەرامبەر یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیج . ئەم نازناوە نازناوی ژمارە ٧٨ لە مێژووی یاریزانی سویســری کە توانی بێتە پلەی سێیەم لە مێژووی ئەم یارییە لەرووی بەدەســتهێنانی نازناوەکان لە دوای هــەردوو یاریزان جیمی کۆنەرزی ئەمریکی کە ١٠٩ نازناوی هەیە و ئیڤان لیندلی ئەمریکی بەرەســەن چیکی کە ٩٤ نازناوی هەیە.

جێگای ئامــاژە پێکردنە فیدرەر تەمەن ٣٢ ســاڵ بە بەدەســتهێنانی ئەم نازناوە یەکەم نازناو لەســاڵی ٢٠١٤ بەدەست دەهێنێت و ئێستا لە ریزبەندی هەشتەمی باشترین یاریزانانی جیهان دێت.

# چامپیۆنز لیگ
# یانە ئینگلیزییەکان لە لێواری ماڵئاوایی دان

شەوی سێشەممە ٢٠١٤/٣/١١ یارییەکانی گەڕانەوەی قۆناغی ١٦ ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا دەست پێدەکاتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەنجامی یارییەکانی چوون یانەکانی خولی ئینگلتەرا لەسەر لێواری ماڵئاوایکردن دان بە تایبەتی هەرسێ یانەی ئەرسنال و مانچستەر سیتی و مانچستەر یونایتد لەو کاتەی یانەی چێلسی هیوای بەهێزە بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە ببڕێت، لەبەرامبەردا هەرسێ یانەکەی ئیسپانیا ریال مەدرید و بەرشلۆنە و ئەتلەتیکۆ مەدرید لە سەرکەوتن بۆ قۆناغی هەشتەم زۆر نزیکن، دوو لە یانەکانی ئەڵمانیا بایەرن میونیخ و بروسیا دۆرتمۆند لە بارودۆخێکی باشدان بەڵام هەردوو یانەی بایەر لیڤەرکوزن و شالکە بێ ئومێدن دوای دۆڕاندنیان لە ناو یاریگای خۆیان بە ئەنجامی گەورە، هەردوو یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و ئۆلۆمپیاکۆسی یۆنانی ئەنجامی بەرچاویان تۆمارکردووە لە یارییەکانی چووندا، ئەمەش خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیەی چامپیۆنز لیگە لەگەڵ ئەنجامی یارییەکانی چوون :

سێشەممە ٢٠١٤/٣/١١

بایەرن میونیخ (ئەڵمانیا) * ئەرسنال (ئینگلتەرا) ٢ — ٠

ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) * ئەی سی میلان (ئیتالیا) ١ — ٠

چوارشەممە ٢٠١٤/٣/١٢

بەرشلۆنە (ئیسپانیا) * مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا) ٢ — ٠

پاریس سان جێرمان (فەرەنسا) * بایەرلیڤەرکوزن (ئەڵمانیا) ٤ — ٠

# نەسری.. یایا تۆرێ باشترین یاریزانی هێڵی ناوەڕاستە، بەڵام!

یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر سیتی سەمیر نەسری رایگەیاند هاوڕێکەی یایا تۆرێ یاریزانی هەڵبژاردەی کۆتدیڤوار باشترین یاریزان هێڵی ناوەڕاستە لە جیهان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو یاریزانە لە کیشوەری ئەفریقیایە ئەو مافەی تا ئێستا پێنەدراوە، نەسری لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی تەلیگرافی بەریتانی گوتی: یایا تۆرێ بە باشترین یاریزانی هێڵی ناوەڕاست لە جیهان دەست نیشان دەکرا ئەگەر لە کیشوەری ئەفریقیا نەبوایە، بەڵام بە هۆی رەگەز پەرستییەوە تا ئێستا ئەو مافە رەوایەی وەرنەگرتووە، ئەگەر یایا ئەرژەنتینی یان بەرازیلی بوایە ئەوە بە بێ رکابەر دەبووە باشترین یاریزانی هێڵی ناوەڕاست لەجیهاندا . شایانی باسە یاریزان یایا تۆرێ هۆکارێکی سەرەکی بوو لەبەدەست هێنانی نازناوی جامی کەپیتال وەن بۆ یانەی مانچستەر سیتی دوای ئەوەی گۆڵێکی تۆمارکرد و یەکێکی دیکەی دروستکرد لە یاریی کۆتایی بەرامبەر یانەی سەندەرلاند کە بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی مانچستەر سیتی کۆتایی هات.

# مان یونایتد نرخی کرۆس دیاری دەکات

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی وڵاتی ئینگلتەرا رایانگەیاند یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی مووچە ونرخی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایەرن میونیخ تۆنی کرۆسی دیاری کردووە بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوو بۆندی لەگەڵ مۆر بکات، راپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە داوە یانەی شەیتانە سوورەکان بڕی ٢٥٠ هەزار پاوەندی دیاری کردووە وەك مووچەی هەفتانە بۆ یاریزان کرۆس کە ئەم مووچەیە بە بڕی ١٥٠ هەزار پاوەند زیاترە لەو مووچەی ئێستا وەریدەگرێت لەگەڵ یانەکەی هەرێمی بەڤاریا، هەروەها راپۆرتەکان ئاماژەشیان بەوە داوە یانەی مانچستەر یونایتد ئامادەیی خۆی نیشانداوە بڕی ٢٠ ملیۆن پاوەند بداتە یانەی بایەرن میونیخ بەرامبەر هاتنی کرۆس بۆ یاریگای ئۆلدترافۆرد . رۆژنامەی میترۆی بەریتانی لەلای خۆیەوە رایگەیاند یانەی بایەرن میونیخ لەوانەیە بەو بۆندەی مانچستەر یونایتد رازی بێت، چونکە تا ئێستا یاریزان تۆنی کرۆس رازی نەبووە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بایەرن درێژ بکاتەوە.







# یانەی کەرکوک گرێبەست لەگەڵ یاریزانێکی نەیجیری مۆر دەکات

دوای ئەوەی یانەی کەرکوك لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستی بەرەو خراپی چوو لە هەمان کاتیشدا یانەکە ماوەی دەست پێکردنی یارییەکانی خولی پاڵاوتنی یارییەکانی خولی عێراقی بۆ سەرکەوتن بۆ خولی نایابی عێراق بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕیی یانەی کەرکوك سەرەڕای ئەوەی کە قەیرانی دارایی بەرۆکی یانەکەی گرتووە، بەڵام کەرکوك هیوای زۆرە بۆ گەیشتن بە ریزی یانە پلە نایابەکانی عێراق و باشتربوونی ئاستی یانەکە لە خولی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ یاریزان (ئیسماعیل مەحمود)ی یاریزانی پێشووی یانەی نەجەف مۆرکرد بۆ یەك وەرز تاکو کۆتایی هاتنی ئەم وەرزی خولی نایابی کوردستان و خولی پاڵاوتنی عێراقی، لەم بارەشەوە موراد بەزاز لە راگەیاندنی یانەی کەرکوك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە بەمەبەستی بە هێز کردنی هێڵی هێرشبردنی یانەکەمان و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لەم وەرزی یارییەکانی پاڵاوتن و سەرکەوتن بۆ خولی نایابی عێراقی کە ماوەیەکی ماوە، ئێمە گرێبەستمان بەفەرمی لەگەڵ ئیسماعیل مەحمودی یاریزانی بەڕەگەزی وڵاتی نێجیریا و پێشووتریش لە ریزی یانەی نەجەف یاری کردووە، مۆرکرد. گرێبەستی ئێمەو یاریزانی ناوبراو تەنیا بۆ یەك وەرزە، ئومێدیشمان زۆرە بەم یاریزانە بەتوانین ئەنجامی شایستە لەگەڵی بەدەست بهێنین و لە بارەی بڕی گرێبەستی ناوبراو، بەزاز گوتی» بڕی گرێبەستەکە نیهێنییە و هەر خۆشی داوای کردوە کە ئەم بڕە گرێبەستە ئاشکرا نەکرێت، ئەم یارایزانەش لەلایەن دەستەی ڕاهێنەران تاقی کراوەتەوە ئەوکات گرێبەستی لەگەڵ واژوو کراوە، بەهیوای ئەوەین بتوانین لە هەردوو خولەکە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بۆ یانەی کەرکوك.

# چوار کچە یاریزانی تایکواندۆی کورد

بەمەبەستی دەستنیشان کردنی یاریزانانی کچ بۆ هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراقی بۆ بەشداری کردنی لە پاڵەوانێتیی تایکواندۆی لاوانی جیهانی کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی داهاتوو لە وڵاتی تایوان لە کیشوەری ئاسیا بەڕێوەبچێت، شان بە شانی کچە یاریزانانی شارەکانی عێراقی چوار کچە یاریزانی کوردی شاری هەولێری پایتەختی کوردستان و شاری سلێمانی بەشدارن دەبن وەکو کچە یاریزانانی هەڵبژاردەکە، لە شاری هەولێریش مزەفەر ئەکرەم و لە سلێمانی بەختیار حوسێن وەکو ڕاهێنەری کچە یاریزانانی تیپەکان بەشداردەبن، یاریزانانی تیپەکانیش لە هەریەك لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێرو و نەورۆز و ئاشتی دەبن دوای تاقی کردنەوەیان ٤ یاریزان دەست نیشان دەکرێ.

لەبارەی دەستنیشان کردنی ئەم یاریزانانەش خالید مەحمود سکرتێری یەکێتیی تایکواندۆی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئەم پاڵەوانێتیە لە وڵاتی تایوان بەڕێوە دەچێت لە سەرەتای مانگی داهاتوو لە کۆی ئەم یاریزانانەی ئێستا لە مەشق و ڕاهێنان دان بۆ ماوەی دە رۆژ لە شاری سلێمانی تەنیا چوار یاریزان دەست نیشان دەکرێ تا





# لە خولی باسکەش هێرش دەکرێتە سەر ڕاهێنەرێک

لە دوایین یاری خولی باسکەی نایابی یانەکانی کوردستان لە نێوان هەردوو یانەی دەربەندیخان و سیروانی نوێی شاری سلێمانی کە لە یاریگای تیپی یەکەم بەڕێوەچوو، دوای پێشکەش کردنی ئاستێکی بەرز لە نێوان هەردوو یانە تیپی دەربەندیخانی خاوەن یاریگا زۆر بەزەحمەت توانی یارییەکە بباتەوە بە تەنیا جیاوازی یەك خاڵ بە ئەنجامی (٥٨-٥٩)خاڵ، دوای دەربڕینی ناڕەزایی لەلایەن رزگار رەئوفی ڕاهێنەری تیپی سیروانی نوێ بۆ سەر تاولەی یارییەکە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی یانەی دەربەندیخان هێرشی دەکرێتە سەری و بریندار دەکرێت، لەم بارەشەوە رزگار رەئوف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: هیچ هۆکارێك نەبوو لە یارییەکە بەڵام بەپێچەوانەی هەموو پێش بینییەکان نزیکەی حەفتا هاندەری یانەی دەربەندیخان هێرشیان کردە سەرم و ئازاریاندام، هەر چەندە من لە یارییەکە هیچ وشەیەکی دوور لەگیانی وەرزشیم بە کار نەهێناوە سەرەڕای ئەوەش شتێکم نەکردبوو کە ببێتە هۆی مایەی دڵگرانیی یانەی دەربەندیخان و هیچ کێشەو گرفتێکم لەگەڵیان نەبووە یان لە ڕاگەیاندنی یانە لە هەر شوێنێکی تر قسەیەکم نەکردووە کە ئەوانم بریندار کردبێ، بە پێچەوانەوە هەموو دەربەندیخان دەزانێت ئەوەندەی من سوودم بە دەربەندیخان گەیاندووە کەس وەکو من سوودی بۆ ئەوان نەبووە، بەڵام زۆر بەداخەوە بە نزیکەی حەفتا کەس لە من و دوو یاریزانی یانەکەمانیان دا، ئێمە سکاڵای فەرمیمان لەسەر یانەی دەربەندیخان تۆمارکردوە لە یەکێتیی تۆپی باسکەی کوردستان،بە سوپاسەوە ئەوانیش بەفەرمی نوسراویان کردووە بۆ یانەی دەربەندیخان کە دەبێ ئیجرائاتی یاسایی لە دژی ئەو کەسانە ئەنجام بدەن کە هێرشیان کردۆتە سەر ئێمە، گوتیشی ئێمە لە پۆلیس هیچ سکاڵایەکمان تۆمار نەکردووە چونکە کێشەکە شەخسی نییە کارێکی یاسایی وەرزشییە، من نازانم کێ بووینە کە هێرشیان کردۆتە سەر من، چونکە من کێشەم لەگەڵ کەس نەبووە جگە لە خزمەت کردنم بە وەرزش، بەڵام من دەڵێم کۆمەڵێك گەنجی چەقۆ وەشین بووینە کە هێرشەکەیان ئەنجامداوە و پێشتریش کێشەیان دروست کردووە.

# بەشداری پاڵەوانێتیی جیهانی دەکەن

ئێستا دیار نییە کە ٣ یاریزان یان ٢ لە شاری هەولێر دەبێت و ئەوانی تریش لە شاری سلێمانی دەبن و دوو ڕاهێنەری خۆیان لەگەڵیان بەشدار دەبن لەم پاڵەوانێتییە ئاستی یاریزانانی ئێمە زۆر بەرزە و پاڵەوانیتییەکەش ئاستێکی بەرزی دەبێت لە ئاستی لاوانە لە سەر ئاستی جیهانیشە یەکێتیی تایکواندۆی جیهانی سەرپەرشتی پاڵەوانێتییەکە دەکات، پێشبینیش دەکرێ ژمارەیەکی زۆر یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی جیهان کێبڕکی بکەن لەسەر بەدەستهێنانی مەدالیاکانی پاڵەوانێتییەکە ئێمەش ئاست و ئەنجامان باشە و یاریزانە کوردەکانی خۆشمان لەو پەڕی ئامادەباشیدان و هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە ریزی یاریزانانی کوردی تیپەکان ئەم کەمپەی شاری سلێمانیش بۆ یاریزانان سودێکی زۆری دەبێت بەر لە چوونە ناو پاڵەوانێتییەکە یاریزانانی کوردستانیش بە ناوی هەڵبژاردەی عێراقەوە بەشدار دەبن لە پاڵەوانێتییەکە، کچە یاریزانانی هەڵبژاردەکەش بە گەشبینییەوە دەڕواننە یارییەکانی بەشداری کردن لەم پاڵەوانێتییە پێشبینیش دەکرێ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

